## حەسەنی رەحمان پەنا، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە:

# ئێمە نامانەوێت کوردستانی عێراق بکەینە گۆڕەپانی شەڕی خۆمان

ئا: بێژن محەمەدی

**بەمەبەستی قسەکردن لەسەر بارودۆخی سیاسی کۆمەڵەو ئەو ئاڵوگۆڕانەی لەچەند مانگی رابردوودا روویانداوەو بەتایبەتی دوایین باسەکانی کۆنگرەی دوانزەو قسەکردن لەسەر خەباتی چەکدارانەی ئەم حیزبەو پەیوەندییەکانی کۆمەڵە بەتایبەت لەگەڵ ئەمریکا لەناوچەکەداو ئاڵوگۆڕەکانی ناوخۆی ئێران و پەیوەندییەکانی سازمانی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران - کۆمەڵە لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و دەستبەکاربوونی تەلەفزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵەو زۆرباسی تر. لەمبارەیەوە دیدارێکی تایبەتمان لەگەڵ (حەسەنی رەحمان پەنا، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە) سازکراوە.**

*** بە پێی هەواڵ و تازەترین تەرح و تیۆر کە لەکۆنگرەی دوانزەدا کە چەند حەوتوو پێش ئێستا بەسترا، بەرنامەی کۆمەڵە بۆ کۆمەڵگای کوردستان و ئاڵوگۆڕەکانی لەداهاتوودا باسکرا مەبەست لەم بەرنامەیە چییەو تا چەند دەتوانێ شوێن بگرێت؟**

– ئەوەی لەم کۆنگرەیەدا باسی لێکرا، یەکەم بەرنامەیەک نییە کە لەمێژووی سێ دەیەی رابردووی کوردستانی ئێران دا لەلایەن کومەڵە هاتبێتە گۆڕێ. کۆمەڵە لە ئامادەکردنی گەلالەکانی ناسراو بە (٨) مادەی مەهابادو دواجاریش سنە، گەلالەی ٢٦ی مادەیی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد لەساڵی (١٩٧٩)، دەوری هەڵسوراوی بووە. بەرنامەی کۆمەڵە بۆ خودموختاری کوردستان کە (١٩٨٣) لەلایەن کۆنگرەی (٣)ی کۆمەڵەوە پەسەندکرا، ناوەرۆکی بەرنامەی حاکمییەتی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستانە.

ئەمڕۆکە ئەگەرچی ئێمە خودموختاریمان وەکو دروشمی خۆمان دانەناوە، بەڵام ناوەرۆکی ئەو بەرنامەیە، جەوهەری باسەکانی کۆنگرەی (١٢)ی کۆمەڵەش بوو. کۆمەڵە تەرحی خودموختاری بۆ کوردستان و دواتر بەیانییەی مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی زەحمەتکێشی لە کوردستان پەسەند کردو سەرئەنجام لە کۆنگرەی شەشدا ستراتیژی ئێمەی بۆ بە سەرکەوتن گەیاندنی شۆڕشی کوردستان لە هەمووکات زیاتر شەفاف و روون دەستنیشانکرد. کۆنگرەی (١٠) بەیاننامەی مافەکانی ژنی پەسەند کردو سەرئەنجام کۆنگرەی (١٢) کە لەمانگی گەلاوێژی ئەمساڵدا بەسترا بەرنامەی دەسەڵاتدارێتی شۆڕشگێرانەی لە کوردستان پەسەندکرد.

ئەوەی کە بوو بەهۆی تەرح و پەسەندکردنی وەها بەرنامەیێک رەوتی رووداوەکانی ئێستای کۆمەڵگای ئێران و کوردستان و چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕ لەکۆماری ئیسلامی دایە کە هەر لایەنێک هەوڵدەدات بەدیل و ئالتەرناتیفی خۆی پێشکەش بە کۆمەڵگا بکات و جەماوەری لە دەور کۆکاتەوە. جەریانی ناسیۆنالیست کە هەموو ئاسۆکەی فیدرالیزم و دەخالەتی ئەمریکا لە ئێرانە هەوڵدەدات ئەو خواستەی خۆی وەک خواستی هەموو خەڵکی کوردستان پێشکەش بکات. ئەمە لەحاڵێکدایە کە تەجروبەی تائێستای جیهان نیشانیداوە کە فیدرالیزم بەبێ لەبەرچاو گرتنی ناوەڕۆکی دەوڵەت ناتوانێت کێشەی نەتەوایەتی چارەسەر بکات.

بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتداریەتی خەڵک لە کوردستان لەلایەکەوە ویست و داخوازەکانی جەماوەری کوردستان لەبەرانبەر دەوڵەتی مەرکەزیدا تەرح دەکات و لەلایەکی دیکەوە دەسەڵاتداریەتی راستەوخۆی جەماوەر لەڕێگای شوراکان و هەڵوەشاندنەوەی ئەرتش و هێزی نیزامی و دامودەزگای بۆرۆکراتیک بەو خاڵە سەرەکیانە دەزانێت کە کۆمەڵگا بەرەو ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی دەبات.

ئەم بەرنامەیە، بەرنامەی دەسەڵاتداریەتی لایەنێکی سیاسی نییە، بەڵکو بەرنامەی دەسەڵاتداریەتی و ئیدارەی کۆمەڵگا لەلایەن جەماوەری راپەڕیوە. هەروەها مەبنای هەر چەشنە گفتوگۆو وتووێژێکی ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی و ئەحزاب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بۆ هاوکاری و تەوافوقە. شوێن گرتنی ئەم بەرنامە بەکارو چالاکی ئێمەو هەموو جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان گرێدراوە کە خوازیاری ئازادی و رزگاری لەچەنگ حکومەتی ئیسلامی و گەیشتن بە مافە رەواکانی خۆیانن.

*** هەر لەو کۆنگرەیەدا مەیلێک هەبوو بۆ ئاڵوگۆڕ لەبەرنامەی کۆمەڵە بەرەو راست یان بەرەو رەوتی ناسیۆنالیزمی کوردی، ئەم مەیلە بەچی گەیشتن، وەڵامی کۆنگرە لەو بارەیەوە چی بوو؟**

– مەیلی چەپ و سۆسیالیست لە کۆمەڵەدا هەمیشە مەیلی خاوەن قسەو رچەشکێن و روون کەرەوی ئاراستەو رێبازی کۆمەڵە بووە. ناسیۆنالیزم لەکۆمەڵەدا قەد بەڕاشکاوی نەیتوانیوە خۆی تەرح کات. لەبەرانبەر رەوتی چەپ و سۆسیالیستی دا هەمیشە بێ قسەو بێ ئاسۆ بووە. هەربۆیە لە کۆمەڵەدا یان نەماوە یان ئەگەر ماوەتەوە بێ دەنگبووەو کاتێکیش کە جێگای پێ لێژ بووە کۆمەڵەی بەجێهێشتووە وەک جیابوونەوەی جەماعەتێک لەساڵی (٢٠٠٠)دا. لەو کۆنگرەیەشدا بەو چەشنەی کە ئێوە ئاماژەی پێدەکەن، وەها مەیلێکی راست کە بیهەوێت بەرنامەی کۆمەڵە بەرەو ناسیۆنالیستی بەرێت نە خۆی نواندو نە بەرچاو کەوت.

*** هەموو جارێ لەکۆنگرەکاندا جەخت لەسەر مانەوەی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە وەکو باڵی چەکداری کۆمەڵە باس دەکرێت، بەڵام لەمبارەیەوە خەباتی چەکداری هیچ جێگەو شوێنێکی دیاری نییە لەناو کوردستانی ئێراندا؟ بۆچی؟**

– خەباتی چەکداری و رێکخستنی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆمەڵە لە بەرگریەکی مەشروع بووە بەرانبەر بە فەرمانی جیهادی خومەینی و کۆماری ئیسلامی لەدژی خەڵکی کوردستان کە لە هاوینی ساڵی ١٩٧٩ی زایینی دەرچوو. نە کۆماری ئیسلامی شەڕی لەدژی خەڵکی کوردستان راوەستاندوەو نە خەڵکی کوردستانیش لەمقاوەمەتی شۆڕشگێرانەی خۆیان کە خەباتی چەکداری یەکێک لە مەیدانەکانیەتی دەستیانەڵگرتوە.

بەڵام شێوازی ئەم ململانێیە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە. ئێستا لەکوردستانی ئێران بوژانەوەیەکی جەماوەری دەبیندرێ کە سەرەتای ئەزموونێکی نوێ لەخەباتی خەڵکی کوردە، ئەو بوژانەوەیە لە نارەزایەتی دەربڕینی مەدەنی و رۆژانەی خەڵک دا، لە خۆ رێکخستنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەقوڵبوونەوەی دەرک و تێگەیشتنی سیاسی جەماوەردا، خۆی دەبینێتەوە. رژێمی ئیسلامی پێیخۆشە ئەگەر بۆی بگونجێ و بیانوی دەست بکەوێ بە میلیتاریزە کردنی کوردستان، ئەو حەرەکەتە نوێیە لەبار بەرێت. ئێمە ئەو سیاسەتەی کە ئەو وەزعە نوێیە دەرک ناکات و تاکتیکی نیزامی خۆی بەپێی ئەو وەزعە دانارێژێ بەهەڵە دەزانین.

ئێمە ئاگربەستێکمان لەگەڵ رژێم نەکردووە، بەڵام خۆمان دەکەین کە هێزەکانمان کەی و چۆن بەکار دێنین.

دەمەوێ سەرنجتان بۆ ئەوەش رابکێشم، کە ئێمە نامانەوێ کوردستانی عێراق بەمەبەستی پشتی جەبهەی خەباتی چەکداری بەکار بێنین و، هەرکات بڕیاری کاری چەکداری دیاری کراو بدەین، توانای درێژەپێدانەکەی لەناوەوەی کوردستانی ئێران بۆی پێکدێنین.

ئەو بەشە لەڕێکخراوی ئێمە کە لە کوردستانی عێراقە ئەرک و فەرمانی جیاوازی بۆ دیاری کراوە.

*** ئەگەرەکانی نزیکبوونەوەی ئێوەو کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشان تا چەند دەتوانی ئاکامێکی هەبێت کە گوایە هەوڵێک بۆ ئەو مەسەلەیە هەیە؟**

– ئەو کەمایەتییە کە ساڵی (٢٠٠٠) لە کۆمەڵە جیابوونەوە، لەوانە بوو بۆ زۆر کەس ئەوکات جیاوازییەکانمان زۆر روون نەبووبێت. بەڵام پاش ئەم چەند ساڵەو ئەو دوورکەوتنەوەی کە ئەوان لە فکرو بۆچوون و کردەوەی کۆمەڵە بەسەریاناتووە هیچ مەجالێکیان بۆ نزیکبوونەوەی نەهێشتوەتەوە. ئێستا دوو رەوتی بەتەواوی جیاواز لە یەکین. ئەگەر رابردووی هاوبەشمان هەیە بەهۆی ئەو هەڵوێست و بۆچوونە کە ئەوان لە پێشیانگرتوە نە ئێستاو نە داهاتوومان هاوبەش نییە. دووری و نزیکی دوو رێکخراو بەنهێنی و لەپشت دەرگا داخراوەوە ناکرێت. هەرچەند زۆر کەسی دڵسوز هەوڵیان بۆ هاوکاری و لەیەک نزیکبوونەوە داوە، بەڵام بەکردەوە بەوە گەیشتن کە ناکرێت. ئێمە خوازیاری ئەوەین کە گرژی و ئاڵۆزی لەنێوانماندا نەبێت و خوازیاری پێوەندییەکی هێمنانەین و تائێستایش بۆ ئەم مەبەستە هەنگاومان ناوە. نزیکی و هاوکاری لەگەڵ ئەوانیش لەچوارچێوەی هاوکارییەکی بەرینتر لەگەڵ باقی هێزەکان بۆ ئێمە ماناو مەفهومی هەیە. کۆمەڵە ئێستاو لەداهاتووشدا رێکخراوی سەرجەم ئەو تێکۆشەرانەیە کە چەندەها ساڵ لەتەمەنی خۆیان تێدا گوزەراندوەو باوەشی بۆ هەموو تێکۆشەرانی رێبازی سۆسیالیستی و عەدالەتخوازانە ئاوەڵایە.

*** دواکەوتنی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستاندا هۆکارو فاکتەرەکانی چین، هەندێک لایەن کۆمەڵە لەو دواکەوتنە بە بەرپرس دەزانن؟**

– هۆکاری سەرەکی پێکنەهاتنی بەرە لە هەلومەرجی ئێستادا بۆ ئەم راستیە دەگەڕێتەوە کە لە زەروورەتی راستەقینەی پێکهاتنی وەها بەرەیەک لەخەباتی رۆژانەی جەماوەری خەڵکی کوردستان سەرچاوە ناگرێت. بەڵکو بۆ کەسانێک کە بە قسە زۆر تامەزرۆی بەرەن، لەوەڵامدانەوە بەدەخاڵەتی ئەمریکا لەئێران و کوردستان سەرچاوە دەگرێت. ئەم باسە زۆرتر پاش رووخانی رژێمی عێراق لە ئاکامی هێرشی ئەمریکاو هیوای دووپات بوونەوەی وەها سیناریۆیەک لەئێران و بەمەبەستی ئەوەی ئەمریکا ئاورێک لە ئۆپۆزیسیونی کوردستانی ئێران بداتەوە هاتووەتە گۆڕێ. ئەو باسە بۆ کۆمەڵە نە رەسەنە، نەجیدیەو نە لەسەر ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانەو نە لەوەها بەرەیەکدا بەشداری دەکات. ئێمە لەکوردستانی ئێران تەجروبەی پێکهێنانی بەرەیەکی سەرکەوتومان هەیە. ساڵی ١٩٧٩ کە خەباتی جەماوەری لە ئارادابوو و باسی وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هاتبووە گۆڕێ و سەرەڕای ناکۆکی و جیاوازی زۆر لە بیروباوەڕو کردەوەدا، هێزو کەسایەتییە سیاسییەکانی گۆڕەپانی خەباتی کوردستان نەیانتوانی خۆیان لە زەرورەتی پێکهێنانی وەها بەرەیەک کە بەناوی "هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستانەوە" دروستبوو لادەن و ئەو هەیئەتە لەلایەن جەماوەری بەرینی خەڵکی کوردستانەوە پشتیوانیان لێدەکرا. ئەمڕۆش ئەگەر قسە لەسەر دروستکردنی بەرەیەکی راستەقینەیە، دەبێت وەها بەرەیەک لە نیازو زەرووڕەتی خەباتی رۆژانەی جەماوەرو لە وەڵام بە گەشەو پێشبردنی داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان پێکبێت. بەرە لەسەر وەڵام بەنیازی دەرەکی و بەدیهێنانی خەون و خەیاڵی کەسانێک بۆ گەیشتن بە دەسەڵات فەردی یا حیزبی خۆیان پێکنایێت و ئەگەریش پێکبێت کاری بەجێگایێک ناگات و بەدڵنیاییەوە خەڵکی کوردستانیش پشتیوانی لێ ناکەن. لەوەڵامی بە بەشی دووهەمی پرسیارەکەت دەبێ بڵێم ئەگەر کەسانێک کۆمەڵە بە بەرپرسی دواکەوتنی پێکهاتنی بەرە دەزانن و خۆیان زۆر باوەڕیان پێیەتی با خۆیان دروستی کەن، موشکیلەیان چییە؟

*** ململانێیەکانی ئێران و ئەمریکا تا کوێ بە قازانجی کۆمەڵگای ئێرانی دەبینیت و کۆمەڵە لەو بارەوە تێڕوانینی چییە؟**

– ململانێ و کێشەی ئەمریکاو ئێران لەسەر قازانج و بەرژەوەندی خەڵکی ئێران و ئەمریکا نییەو هەر بەو پێیەش ناتوانیت لە خزمەت ئەواندا بێت.

کێشەی ئەو دەوڵەتە لەسەر پاوانخوازی ئەمریکا لەناوچەکەو داوای ملکەچ بوونی کۆماری ئیسلامی بۆ ویستەکانی دەوڵەتی بوش، وازهێنان لە پشتیوانی تیرۆریزم و دەستێوەردان لە رووداوەکانی ناوچەکە لەوانە فەلەستین، عێراق و ئەفغانستان لەلایەکەوەو لەلایەکی دیکەوەو بەنیسبەت کۆماری ئیسلامیشەوە کە دەیهەوێت جێگاو دەوری خۆی وەک زلهێزێک لەناوچەکەدا بنوێنێت و ئەمریکایش ئەم جێگاو شوێنەی بۆ بەرەسمی بناسێت واز لە ملهوڕی لەدژی بهێنێت. هەربۆیە نە دەسەڵاتداریەتی تاکرەوانەی ئەمریکاو نە پاسەوانیەتی کۆماری ئیسلامی لەناوچەکە هیچیان پێوەندیان بەقازانج و بەرژەوەندی خەڵکی ستەملێکراوی ئێرانەوە نییە. جەماوەری نارازی و تینوی ئازادی نابێت ئەم کێشەیە بەکێشەی خۆیان بزانن و پشتیوانی لە هیچ لایەنێک نەکەن.

*** لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوو، دووبارەبوونەوەی ئەگەرەکانی شەڕی ناوخۆ لەنێوان کۆمەڵەو دیموکراتدا هیچ بەربەست و رێگا چارەیەکی بۆ دانراوە؟**

– بەخۆشیەوە لەمێژە گرژی لەنێوان کۆمەڵەو دیموکراتدا نەماوەو سەرەڕای جیاوازی بنەڕەتی لە بۆچوون و سیاسەت و رێبازدا، پەیوەندی و دیالۆگ لەنێوانماندا هەیە. گەورەترین بەربەست بۆ رێگاگرتن لەشەڕو پێکدادانی حیزبە سیاسییەکان لەکوردستان بە باوەڕی ئێمە دەخاڵەتی چالاکانەی جەماوەر لە سیاسەت و گۆڕەپانی کورستاندایە. هەرکات کۆمەڵگا لەلایەن یەک یا دوو حیزبەوە پاوانکرا، رێگا لەدەربڕینی ئازادانەی بیرو باوەڕ بەتایبەت بیری جیاواز گیراو ئازادی پێشێلکرا ئەوکات جەماوەر لە سیاسەت و ئاڵوگۆڕەکان دووردەکەونەوەو مەجالیش بۆ سەرەڕۆیی و هەڵگیرسانی شەڕی حیزبەکان دروستدەبێت. کۆمەڵە هەوڵی ئەوەیە کە کۆمەڵگای کوردستان بەرەو وەها هەلومەرجێک نەروات و سیاسی راگرتنی جەماوەرو دەخاڵەتی رۆژانەیان لە رووداوەکاندا بەگەورەترین کوسپ لە دروستبوونی شەڕی نێوان حیزبەکان دەزانێت.

*** پەخشی TV کۆمەڵە تا چەند توانیویەتی پەیامی کۆمەڵە بگەیەنێتە خەڵکی؟**

– هەرچەند دەستپێکردنی کاری ئیعلام لەئاستی TVدا بۆ ئێمە کارێکی تازەو تەجروبەیەکی نوێ بوو و بە لاوازی ئیمکاناتەوە، پێمانناییە ئەم مەیدانە لەبواری راگەیاندندا، بەڵام بەپێی سەرجەم ئەو هەواڵ و زانیاریانەی لەناوەو دەرەوەی وڵات دەگەن TV کۆمەڵە لەناو خەڵکدا جێگای خۆیکردووەتەوەو توانیویەتی سەرکەوتنی باش بەدەست بهێنێت. ئێستا بەرنامەکانی TV کومەڵە لە حاڵەتی TEST دایەو هیواداریین بەم زووانە کاری ئاسایی خۆی دەست پێبکات.

*** دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ئێران و ناوچەکە دەتوانێ تا چەند لەقازانجی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستاندا بێت؟**

– ئەگەر ئاڵوگۆڕەکان لەخوارەوەو بەدەخاڵەتی جەماوەر لەسیاسەت و رووداوەکاندا تێپەر بێت و خەڵک بەهۆشیاری و رێکخراو بوونەوە لەرووداوەکان بڕوانن و دەور بگێڕن، بێگومان بەقازانجیان تەواو دەبێت. بەڵام ئەگەر رووداوەکانی بەئاستێکی دیکەدا لەوانە دەخالەتی زلهێزەکان و وڵاتانی دەرەوە روو بدات و حاڵەتی چاوەڕوانی و دەستەوەستان لەناو جەماوەردا دروست بکات بێگومان بەقازانجی خەڵکی ستەملێکراو لەوانە خەڵکی کوردستان ناشکێتەوە.

بەنیسبەتی ئێرانەوە ئەوڕۆ دوو حاڵەت چاوەڕوان دەکرێت. یەکەم هەڵسان و راپەڕینی جەماوەری لە خوارەوەو رووخاندنی کۆماری ئیسلامی لەئاکامی وەها حەرەکەتێکدایە کە ئێمە هەموو هەوڵ و ستراتیژی خۆمان لەسەر ئەم حاڵەتە داناوەو بۆ پێکهاتنی وەها هەلومەرجێک چالاکی دەکەین و دووهەم دەخالەتی نیزامی ئەمریکا لە ئێران و پەلاماردان ئەم وڵاتە بەهێزی عەسکەرییە.

ئێمە دووپات بوونەوەی سیناریۆی عێراق لە ئێران و داگیرکردنی ئەم وڵاتە نە بە مومکن و نە بە قازانج دەزانین. بۆردمانکردنی هێندێک ناوەندی حەساس و ستراتیژی نیزامی و ئابووری پاش هەرەسهێنانی هەموو هەوڵە دیپلۆماتیکەکان بە (غیر مومکن) نازانین. بەڵام ئەم حاڵەتەیش نەک تەنیا رژێمی پێ لەناو ناچێت، بەڵکو دەبێتە هۆی بەهێز بوونی جەریانی ئیسلامی و ناسیونالیزمی ئێرانی کە لەپشت سەری کۆماری ئیسلامییەوە ریز دەبەستن و هەر چەشنە دەنگێکی نارەزایەتی و ئازادیخوازانەو بێزاری لەدەسەلاتی ئیسلامی کە ئەوڕۆ لە گۆشەو کەناری ئێران دەبیسترێت و روو لە گەشەیە سەرکوت دەکەن.

دووپاتبوونەوەی سیناریۆی عێراق لە ئێران موسیبەتێکی گەورەیە کە نە خەڵکی ئێران و نە کوردستان و نە ناوچەکەش قازانجی تێدا ناکەن و نیشانەکانی وەها بەرنامەیەک لەلایەن دەوڵەتی "بۆش"ەوە تائێستا بەرچاو ناکەوێت. بەپێی گوزارشتێک کە ماوەیەک لەوەوپێش دەزگای ئیستخباراتی بۆش بە کۆنگرێسی ئەمریکای دا، لەئاکامی هێرشی ئەوان بۆ سەر عێراق هەم تیرۆریزم و هەم بونیادگەرایی ئیسلامی بەهێزبوون. پەلاماری نیزامی بۆ سەر ئێران لەلایەن ئەمریکاوە بەدڵنیاییەوە بەچەند قات تیرۆریزم و بونیادگەرایی ئیسلامی بەهێزدەکات. وەها رووداوێک موسیبەتێکی گەورەیە کە دووکەڵەکەی نەک هەر دەچێتە ناو چاوی خەڵکی ئێران، بەڵکو هەموو ناوچەکەو بگرە جیهانیش دەگرێتەوە. ئێمە ئارەزووی وەها موسیبەتێک ناکەین.



**دووپاتبوونەوەی سیناریۆی عێراق لە ئێران موسیبەتێکی گەورەیە کە نە خەڵکی ئێران و نە کوردستان و نە ناوچەکەش قازانجی تێدا ناکەن**